# حەبیبەش گەیشتە سوێد

قوبادی جەلی زادە

لە ئوتێلێکی تاران دا ، سەرخۆشێك ، چوارینەکانی خەیامی بۆ خوێندەوەو
پێکێك شەرابی پیَ نۆشی
بەلاَم شاملوو نەبوو !

لە ئۆکرانیا ، لە وێستگەیەکی قەتاردا ، لادیَ نشینێك
لێوەکانی بە سندویجێکی چەوروو قوتی دا ..
بەلاَم یەسنین نەبوو !!

لە قەراخەکانی یۆنان دا ، کەشتیەوانێك ، لەسەر ئاگرێکی هێمن دا ،
مەمکە خرپنەکانی سوور کردەوە ..
بەلاَم ریتسۆس نەبوو !!

ئاراگۆن چاوە سەوزەکانی ئیلزای ، بە چاوە خێل و قیچەکانی حەبیبە
نەگۆڕییەوە !

ئێستا حەبیبە ،
لە شەقامە سفوورەکانی سوێد دا ،

تەنیایە ...........

پەنجە لووسەکانی لە پەنجە تووکن و زوورەکانی نالی دەگێڕێت !
خەو بە چنگێك خۆلَی خاك و خۆلَەوە دەبینێت .
حەبیبە ئێستا لە وێندەر ، پاکەتیَ جگەرەی کێنت و

**قاپێك شەرابی فۆدگایە !**

**هەر شەوە لەنێو پێخەفێکی دووکەڵاویدا ،**

**ستیانە سوورەکەی جێدەهێڵێت .**

**لە چرکە دۆزەخیەکانی ئۆرجازمیشدا ، بە نینۆك ،**

**لەسەر شان و پشتی کوڕە سەرخۆشەکانی نیوە شەودا ،**

**تابلۆیەکی غەمگینی کەلاوەکانی بابان و**

**وێنەیەکی تەڵخی عومەری خاوەر دەگێڕێت !**

**ئێستە حەبیبە ،**

**لەبەر دەم مەیخانەیەکی سوید دا ، ژنە سواڵکەرێکی کوێرەو**

**بۆ گەنجە ساردوو سڕەکانی ئەوێ ،**

**دەست پان دەکاتەوە .**

**سینگ پان دەکاتەوە**

**قوز پان دەکاتەوە !!**